# دەنگدان  و دیمۆکراسی و پرسیارە گەورەکان

## وەلامێك بۆ پەیامەکەی بارزانی

لە پێناوی دایەلۆگێکی عەقلانیی و دیمۆکراسی و بەرژەوەندی بالآی نەتەوەییدا

## دکتۆر کەمال میراودەلی

بەشی پێنجەم /

دیمۆکراسی بە مانا سەرەتاییە جەوهەرییەکەی ئازادیی خەلکە کە فەرمانرەواکانی خۆی هەڵبژێرێت ، واتە : ئەو نوێنەرە دەسپاک و زیرەک و بە توانا و دڵسۆزانە هەڵبژێرێت کە لە بری ئەو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تا هەڵبژاردنێکی تر، دەسەلات دەگرنە دەست و کۆمەڵ و ولات بەرێوە دەبەن .

**دیارە میکانیزمی پراکتیزەکردنی ئەم ئازادییەش دەنگدانی ئازادە .**

**بەلام چار نییە مادام دەنگدان ئەوەندە گرنگە دەبی کۆمەڵە پرسیارێکی گرنگتر بپرسین :**

* ئایا بەراست دەنگدان ئازادەو خواستی ئازادانەی گەل دەردەبڕێ؟

* ئایا ئەو کەسە (سەرۆکە) ، یان حیزبە کۆنە یان نوێیەی زۆربەی دەنگ دێنێت بەراست ئەو سەرۆک و حیزبەیە کە خەلک متمانەی تەواوی پێیان هەیەو لە ئەنجامی تێگەیشتن و هوشیاری تەواوەوە دەنگیان پێداوە؟

* ئایا هۆکاری وا هەن کە ئەم هوشیارییەی چەواشە بکات و خواستەکەی گومڕا بکات ؟

* تەنانەت ئایا دەشکرێ دەنگی خەلک بکڕدرێ ، بدزرێ ، بێدەنگ بکرێ، تەزویر بکرێ؟

هەر نەبێ کۆمەلگای کوردیی ئێستا ئەوەندە ئەزموونی دەنگدانی دیوە تا وەلامی بۆ ئەم پرسیارانە هەبێت .

**دەنگدان مەحەکی دوایی و پرۆسەی بڕیاردەری تەواو نییە گەر زامنی ئازادیی و دادگەریی پرۆسەکە نەکرێت و دەنگدەرخۆشی تاکێکی ئازاد نەبێت .**

دەنگۆکراسی دەنگدان بە سەرەتاو کۆتایی پرۆسەی دیمۆکراسی دادەنێت.

بەلام ئایا دەنگدان لەگەلٚ ئەو گرنگییە دامەزرێنەرەیدا مەحەکێکی دروستی راو بەربژێریی ( ئیختیاری) ئازادیی تاکە؟

وتمان دیمۆکراسی ئازادیی هاولاتییە وەک مرۆڤی تاک کە نوێنەرانی خۆی بە ئازادیی هەلٚبژێرێت . ئەو ئازادییە یان بەکارهێنانی هۆشیارانەو ئازادانەی ئەو ئازادییە هێندە کارێکی راستەخۆ و ئاسان نییە . ئەمانە هاندێ هۆکارن :

**هۆکاری راستەوخۆ وەک لە هەلبژاردنەکانی تەمووزی ٢٠٠٩ بینیمان:**

١. دەنگکڕین و دابەشکردنی دەمانچەو دۆلار و درۆ

٢. زیارەت و توجارەت و کارتێکردن و کڕین

٣. هەڕەشەو گورەشەو نانبڕین

٤. لافاوی تەزویر و دەنگدانی ساختەو چەند جارە

٥. درێژکردنەوەی نایاسایی و ناپێویستی ماوەی دەنگدان بە سەعاتێک بۆ جێبەجێکردنی کودیتایەکی تەزویریی . ئەمە وەک تەجرەبەی پێشووی کوردستان .

## هەلومەرجی ئێستای دەنگدان لە هەرێمی کوردستاندا

ئەمانەی سەرەوە ئەو دیاردە دژەدیمۆکراسییانەن کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا بینیمانن. بەلام گەر لەمە قوولتر بۆ دەوری تاک و هەلومەرجی سیاسیی وسۆسیۆلۆجی هەڵبژاردن بروانین، پرسیاری سەختتر دەربارەی رەوایی وراستکاریی دەنگدان دێنە پێش بەتایبەتی لە چوارچێوەی دەسەلاتی ٢٢ ساڵەی دەسەلاتی حیبزیی نادەستوورییدا.

١. مرۆڤی کورد هێشتا هاولاتی ئازاد و تاکی هوشیارو خاوەنی مێشکی ئازادی خۆی نییە، بەستراوەتەوە بە یەکە تۆتالیتارییەکانەوە وەک بنەماڵە، خێڵ، حیزب، دین، ئایدیۆلۆجی، بەرژەوەندی ئابوورییەوە. بۆیە هەر کام لە مانە بە تایبەتی حیزبایەتی کاریگەریی پێشینەی هەیە؛ واتە بەر لە ناسینی نوێنەران و زانینی بەرنامەو شارەزایی لە تواناو کەسێتییان، ئەو رەنگە هەر بە پێی ئەو ترادیشنە تۆتالیتاریانەوە دەنگ بدات. بۆیە دەنگەکان لە نێو حیزبە کلاسیکییەکاندا دابەش دەبێت و بوار بۆ مرۆڤی تاکی ئازاد نامێنێتەوە . بەلام گەنجەکان زیاترو زیاتر خەریکن خۆیان لەم ستراکتورە تۆتالیتارییانە دەرباز کەن و ببنە خاوەنی دەنگ و رەنگی خۆیان.

٢. هێزە کۆنەپاریزو بارییباو (ستاتسکۆ) خوازەکان، جومگەکانی بەرژەوەندی ئابووریی و دەرفەتی کارو وەزیفەو ژیانیان بەدەستەوەیە، ئەمانە وەک گوشاری سیاسیی و دەنگکڕین و نانبڕین بەکاردێنن.

٣. دامودەزگای حکومەتیی و مەدەنیی سەربەخۆ لە کوردستان نییە، دامودەزگاکانی حکومەت بە پێشمەرگەو و

ئاسایشەوە، بۆ خزمەتی دەسەلاتی سەرکار بەکاردەهێنرێن و ئەمەش کار لە پرۆسەی دەنگدان دەکات.

٤. میدیای سەربەخۆ بە تایبەتی میدیای بینراو [تەلەفزیۆنیی] لە کوردستان نییە: [جیاوازی هەیە لە نیوان سەربەخۆو ئازاد، تا رادەیەکی زۆر ئازادیی دەربرین هەیە، بەلام میدیای سەربەخۆ نییە] یان حیزبییە، یان سێبەری حیزبە، یان هاوسەرمایەو هاوبەرژەوەندییەو خۆی رەقابەی لەسەرخۆی داناوە یان بە پێی ئەجندایەکی نهێنیی کار دەکات و، بەرامبەر هیچ دەسەلاتێک بۆ ئاشکراکردنی سەرچاوەی سەرمایەکەی و ئەجنداکەی و پرۆسەی کارکردنەکەی لێپرسراو نییە. بۆیە میدیای حیزبیی و سێبەریی بە تایبەتی دەورێکی تێکدەرو گومڕاکەر دەبینێت و پرۆسەی دەنگدان دەشێوێنێت وبە ناوی ئازادییەوە نائازادیی دەکات.

٥. ئەو کاتە دەنگدان بۆ ئەلتەرناتیڤی دیمۆکراسی راستەقینە دەبێ کە پلورالیزم و فرەحیزبیی و فرە-روانگەییی سیاسیی و بایدیۆلۆجیی راستەقینە هەبیت، بەلام لە کوردستان بە هۆی پێشینەی شاخیی و شەڕی ناوخۆیی و دوایی رێکەوتنی ستراتیجی، پارتی و یەکیتی و دەسەلاتیان بە سەر پرۆسەی سیاسیی و حکومەتیی و ژیانی ئابووریی و مەدەنیی خەلکدا گرتووە، نە حیزبە ئیسلامییەکان، نە گۆڕان کە بەشێکی جیابۆوەی دوو حیزبە سەرەکییەکەیە، نەیانتوانیوە روانگەیەکی سیاسیی و بەرنامەیەکی دیمۆکراتی نوێ و ستراتیجێکی ئۆپۆزیسیۆنیی کاریگەر پێشکەش بکەن و بەردەوام و بەرنامەییانە بۆی تیبکۆشن. لە بەرئەوە لە ئاست نەبوونی بەربژێر [ئیختیار] و لەبریی [ئەلتەرناتیڤ]

رادیکـــالیی دیموٚکراتیـــدا، جەمـــاوەر دەنـــگ بـــوٚ هەر کەس و لیســـتێک لە حیـــزب و رەمـــزە تەقلیـــدییەکان بـــدات، هەمـــان تـــاس و حەمـــامەو وەک دەمـــێکە شـــاعیری خوٚشەویســـت لەتیـــف هەلـــمەت وتـــوویەتی: نە ئـــاو دەگوٚڕێـــت نە بـــوٚڕیی و گومـــانی خراپتربـــوونیش هەیە. چـــونکە خەڵـــک بەراســـتی بەربژێریـــی [ئیختیـــاری] دروســـت و تـــازەی نیـــیە کە دەنـــگ بـــوٚ حیزبێـــک یـــان لیســـتێک بـــدات نـــوێنەرایەتی روانـــگەو ئاســـوٚیەکی نـــوێی ولاتێکـــی دیمـــوٚکرات وئـــازادو گەلێکـــی یەکســـان و بەخـــتەوەرو خـــاوەن پاشـــەرۆژی نەتەوەیـــی بـــدات و خـــاوەنی ســـتراکتوورو پرۆســـەیەکی دیمـــوٚکراتی و مەدەنـــی و لیبرالـــی کـــارا بێـــت و راســـتگۆ بێـــت لە گەڵ جەمـــاوەرو بـــاکی بە مـــردن و ئازارەکانی بێت و هەوڵی بنەبڕکردنی گەندەڵی بدات.

٦.لە بەر ئەوەی حیزبەکـــانی دەســـەلات و بنەمـــالە و دەســـتوپێوەندو مافیاکانیـــان دەســـتیان بەســـەر ســـەرمایەو بـــازاڕو بـــودجەو وەبەرهێـــان و هەمـــوو جومگەکـــانی ژیـــانی ئابووریـــدا گرتـــووەو دەیـــان ملیاردێریـــان دروســـت کـــردووە کە لە جیـــاتی وەبەرهێنـــانی ســـەرمایە زەبەلاحەکانیـــان بـــوٚ پێشـــکەوتن و پشـــتگیری پـــرۆژەی نەتەوەیـــی ئـــابووریی و کەلتـــووریی و خێرەومەنـــدیی، فەردەدۆلارەکانیـــان لە ژێرخانەکانیانـــدا دەشـــارنەوە، یـــان دەیـــدەن بە دەیـــان تەن لە قـــالبەزێرو وەک ئـــاڵتوون هەڵـــی دەگـــرن یـــان لە بـــانکی بێگـــانە لە دەرەوە دایـــدەنێن و کۆمەڵگـــاو نیشـــتمانی کـــورد لە وەبەرهێنـــانی ئەوســـەرمایە بێـــبەش دەکەن و خزمەتـــی سیاســـەتێکی هـــاوردەیی ئیســـتیهلاکیی دژە نەتەوەیـــی و دژە ئـــابووری نەتەوەیـــی ســـەربەخۆی پـــێ دەکەن. ســـەرباری ئەمەش حیـــزب ڕێگـــای وەبەرهێنـــانی ئـــازادی خەلکـــی کـــورد، بـــوٚ نمـــوونە ئەوانەی لە دەرەوە دەگەرێـــنەوە بە بـــێ بەرتیـــل و گەنـــدەڵیی، نـــادات و، بـــواری دەرفەتـــی یەکســـان و

مونافەسەی ئازاد و وەبەرهێنانی ناوخۆیی و گەشەکردنی ئابووریی وسنعەتی گرتووە ئەمەش ڕێگەی لە دەرکەوتن و گەشەکردنی چینی نیوەند گرتووە کە عادەتەن ئەو چینە هێزی دیمۆکراتیی و مەدەنیی و لیبرالی و ڕوانگەو تەماو بەرنامەی تازەی مودێرن لەگەڵ خۆی دروست دەکات. لە بەر ئەوە پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا گۆمێکی مەنگی گەنداوییەو بە کۆی فاکتەرەکانی دەرەوەیی و ناوەوەیی نەبێت شلەقانی زەحمەتە.

٧. بەڵام لە بەر ئەو هۆیەی لە خاڵی (٥) دا باسکراو وزاڵبوونی ترادیشنی دوکانی سیاسیی حیزبیی و عەقڵییەتی موساوەمەکاری نادیمۆکراتی و دژەخەلکیی و ئینتیهازیی حیزبە کلاسیکییەکان قبوڵکردنی کۆیلایەتی بودجە لەلایەن ئەوانەوە، وەک بینیمان لە کاتێدا دەرفەتێکی وەک ئەوەی پێێ دەوترا بەهاری عەرەبی دروست بوو، لە هەموو لایەکەوە دیکتاتۆرو بنەماڵەکان دەستیان بە وەرین کرد، لە کوردستاندا بەو پەری ئینتیهازییەت و ترسان لەوەی شەقامی کوردیی ببێتە خاوەنی دەنگ ورەنگی ناحیزبیی خۆی، ڕاپەرینی ١٧ ی شوبات مامەلەی لەگەڵ کراو، کرا بە بابەتی موساوەمەیەکی دزێوی ژووره تاریکەکان و کوشتنی ماف و ئازادییە دیمۆکراتییەکانی خەلک بە تایبەتی مافی خۆپێشاندان و ڕێکخستنی جەماوەریی ناحیزبیی و پاراستنی یاسایی و دادگاییکردنی بکوژو تاوانباران.

٨. توێژی ڕۆشنبیری کورد بە ڕوخسارە ناسراوەکانییەوە بەرهەمی مێژووی شاخ و ئەنفال و کەلتووری تۆتالیتاریی و ناکۆکی حیزبایەتی پارتی و یەکێتیی و شەڕەناوخۆییەکان و پاشکۆی دەسەلات و مشەخۆریی و

مووچەخــــۆریی حیــــزبە [ نــــان و ئــــازادی بــــۆ نووســــەر !!]  و نــــاوەرۆکێکی گرنگــــی ســــتراکتورە گەنــــدەڵ و رزیــــوەکەیەتی. بە راســــتەوخۆ  یــــان ناراســــتەوخۆ، لە فەلەکــــی حیــــزبە شــــاخییە دواکەوتوەکانــــدا، بە دەســــەلات و موعــــارەزەوە، دەخــــولێتەوەو خــــاوەنی بیــــر و فەلســــەفەو روانــــگەو ئەجنــــدای خــــۆی نیــــیە، بەردەوام وەک دەنگێکــــی پەراویزیــــی لاواز، یــــان دەنگێکــــی قورمیشــــکراوو بەرنــــامەکراوی ئەجنــــدای حیــــزب، یــــان لە باشــــترین حاڵــــدا، پەرچەکردارێکــــی کــــاتیی وشــــەرمنانەی ئەو بــــابەت و پرســــانەیە کە نــــاو بەنــــاو دەســــەلات یــــان دەزگــــای پاراســــتن بــــۆ مەشــــغولکردنی خەلــــک و رێگەگــــرتن لە خرپــــوونەوەی ســــەرنجی خەلــــک لە ســــەر کێشــــە ســــەرەکییەکان دەیانجولێنێت [ئیمزاکردنی نارازیینامەکان].

گەر تەلەفزیۆنەکــــان و دەزگــــا میــــدیایی یە زەبەنــــدو زەبەلاحەکــــانی  دەســــەلات یــــان ئۆپۆزیســــیۆن بیانەوێــــت بــــۆ هەر بــــابەتێکی رۆژ کە خۆیــــان هەلیانــــدەنبژێرن دەتــــوانن جــــار لە دوای جــــار بە بــــێ هۆکــــارو پاکــــانە، ئەو رۆشــــنبیرانە راکێشــــنە ســــتۆدیۆکانیان و وەک رێکلامــــی بازرگــــانی لە ســــەر شاشــــەی تەلەفزیــــۆنیە حیــــزبییە گەنــــدەڵ و گلاوەکانیــــان بە نــــاوی شــــیکاریی سیاســــیی و چــــاودێریی سیاســــیی هتــــد عەرزیــــان بــــکەن.  بــــۆیە ئاســــتی بیــــر و رەوشــــی زمــــانی نووســــین و رۆشــــنبیریی و خوێنــــدنەوەو خۆرۆشــــنبیرکردن و چــــاپ و فرۆشــــتنی کتێــــب رۆژ بە رۆژ بــــۆ  ئاســــتی نزمتــــرو گێژاوییتــــر دادەبەزێــــت. رۆشــــنبیری حیزبیــــی یــــان حیزبــــاویی کــــورد بە گشــــتیی رۆشــــنبیرێکی تەمــــبەڵ ومونــــافیق و مشــــەخۆرو خــــاوەن بیرکردنەوەیەکــــی ئــــاژاوەیی رووکەشــــیی بەرخــــۆرو لاســــاییکەرەوەی دوور لە ئایــــدیای نەتەوەیــــی و ئینســــانیی و بنەمــــای فەلســــەفیی و فیکریــــی و زانســــتیی و شــــیکاریی و باســــکارییە و زیــــاتر رۆشــــنبیرێکی رۆژنامەنووســــیی ئیســــتیهلاکیی بــــێ ئەجنــــداو بــــی پەیــــامەو لە کەلتــــووری

کوردەواریی و میرات و ناوەرۆکی رۆشنبیری نەتەوەیش دابراوە. بە حیزبییکردنی زانکۆو دەزگا ئەکادیمییەکان ئەم رەوشەی کردۆتە کارەساتێکی نەتەوەیی. خڕبوونەوەی لە پڕی بەشێکی باشی ئەم جۆرە رۆشنبیرانە لە دەوری شتێکی وەک گۆڕان و وێناکردنی بۆ خەلک و گەنجان وەک شتێکی رادیکال و تازەو نایاب و عەجایەب و دروستکردنی ئەفسانەی باوکی نوێی میهرەبان، باشترین بەڵگەیە بۆ ساوێلکەیی و تەنکیی بیرکردنەوەی رۆشنبیریی ئەو توێژەی رۆشنبیران.

واتە دەتوانین بڵێین بەداخەوە فاکتەری رۆشنبیریی لە پرۆسەی گۆڕانی دیمۆکراتی و بەرهەڵستی رژێمی حیزبییدا لە کوردستاندا **نییە.**

**تەنیا ئەو کاتە رۆشنبیرو رۆشنبییری کوردیی دەتوانێ دەورێک لە گۆڕینی دیمۆکراتییدا ببینێت کە بە تەواوەتی لە کەلتوورو سیاسەتی حیزبیی شاخیی و ئەزموون و هەژموونەکەیان دوور دەکەوێتەوەو لە دەرەوەی ئایدیۆلۆجیی و ئینتیماو کەلتوورو میدیا و ئەجندای حیزبییەوە بە بیریکی فەلسەفی شیکاریی رەخنەیی ئازادو سەربەخۆوە سەرنجی پرس و کێشەو رووداوەکان دەداو بۆ کەلتووری نەتەوەیی ومیراتی دەولەمەندی کوردەواریی وەک کەرەسەو ناوەرۆکی پرۆسەی پێشکەوتنی نەتەوەیی دەگەرێتەوە. کە ئەمەش بە بێ بوونی دەسەلاتێکی سیاسیی دیمۆکراتی خاوەن پرۆژەو دەزگای کەلتووریی نەتەوەیی و ئابوورییەکی سەربەخۆی دوور لە دەسەلاتی حیزب کارێکی ئاسان نییە.**

٩. لە بەر شوێنی جیۆپۆلیتیکی و وابەستەیی مێژوویی دەسەلاتی کوردیی بە هێزە ئیقلیمییەکانەوە لە لایەک و بەستنەوەی ئۆرگانیی سەرمایەو بازاری کوردستان بە سەرمایەو بازاری سەرمایەداری تورکی و جیهانییەوە، پرس و مەودای گۆڕانی دیمۆکراتی بە دەنگدان، تا رادەیەکی زۆر بە سیاسەت و میکانیزمی مەرکەزی بریار لە دەولەتە سەرمایەدارەکان [بەتایبەتی ئەمریکا و بەریتانیا] و دەولەتە ئیقلیمییەکانەوە بە تایبەتی تورکیاو سعودیەو قەتەرو ئێرانەوە گرێدراوە.

١٠. ناسەقامگیریی رەوشی هەرچوار دەروبەریی هەرێمی کوردستان و ئەو هەرەشەو مەترسییانەی رۆژ بە رۆژ زیاتر لە کورد نزیک دەبنەوە، بە تایبەتی رەوشی تراژیدی کوردی کەرکوک و قوربانییە بەردەوامەکانیان و رەوشی کوردی رۆژاواو پرۆسەی ناسکی ئاشتی نێوان پەکەکەو تورکیا، و ناجیگیریی پێوەندیی سیاسیی هەرێم لەگەڵ بەغداو دەوری ئێرانیش، هەموو ئەمانە زیاترو زیاتر کار لە پرۆسەی سیاسیی دەکەن و دەسەلات دەتوانێ هەر یەکێک لەمانە وەک وتارێکی نەتەوەیی بۆ گۆڕینی پرۆسەی هەلبژاردن و ئەنجامەکانی بەکاربێنێت.

هەموو ئەمانە وا دەکەن پرۆسەی دەنگدان وەک مەحەک و زامنی پرۆسەو بنیاتنانی دیمۆکراسی و هەڵبژاردنی دەسەلاتی رەوا بخەنە گومانێکی سەختەوە. [دەنگۆکراسی] هەرگیز هەلگری شەرعییەت و لۆجیکی عەقلانی تەواو نییە و نابێتە جادووی گوازتنەوەی ئۆتۆماتیکی بۆ دەسەلاتی گەل.

لەو ولاتانەشدا کە دەنگدان ئازادەو بابڵێین هاولاتییانیش تاکی بیر ئازادو هوشیارن، زۆر دەنگدەران زۆر جار زیاتر لە دژی

دەسەلاتی لە-سەرکار دەنگ دەدەن لەوەی بۆ حیزب و کەسێکی نوێ، بۆ نموونە: خەلکی ئەمریکا زۆری بۆ رزگاربوون لە بوش دەنگیان  بۆ ئۆباما دا، خەلکی میسر زیاتر دژی حوسنی موبارەک و رژێمی کۆن و بە هیوای ئەوەی رژێمیکی تازە جێگەی بگرێتەوە دەنگیان بە ئیخوان و هێزە تازەکان دا، بە بێ ئەوەی بزانن هێزە تازەکان کێن و چۆن دەبن. گومانشی نییە خەلکێکی زۆر کە لە هەلبژاردنی تەمووزی ٢٠٠٩ دا دەنگیان بۆ من دا، دەنگەکە زیاتر دژی بارزانی و بۆرزگاربوون لە سسیستمە بنەماڵەیی وحیزبییە نادادپەروەرییەکەی بوو، لەوەی من بە کاندیدێکی تەواو بزانن و ئاگاداری بیرو بۆچوون و بەرنامەکانم بن.

لە بەر ئەوە دەنگدان نیشانەی قبوڵکردنی رەهای دەنگبۆدراو نییە ئەگەر هێزێکی تازەش بێت. بۆیە هاوتاکردنی دەنگۆکراسی ودیمۆکراسی بۆچوونێکی هەڵەو ئەفسانەیی پووچە. هەتا زۆر لەو هێزانەی کە تازەو رادیکالن و خەلک دەنگیان بۆ دەدا، دوای ماوەیەک گەندەڵ دەبن و دەبن بە سەربژاردە [ئەیلیتێکی] خۆ دەولەمەندکەرو فاسید و ئەوی لە بیریان نەمێنێت پەیمان و بەڵێنەکانیانە لەگەڵ خەلک. ئەمە بۆتە دیاردەیەکی جیهانیی و رۆژ بە رۆژ زیاتر گەنجان و دەنگدەران لە ئەوروپاش باوەڕیان بە سیاسییەکان نامێنێت کە ئێستا بە (چینی سیاسیی – پۆلیتیکەل کلاس) ناودەبردرێن.

خۆ جیهانیبوونی سەرمایەو پرۆسە داراییەکان و هەرەسهێنانی سیستمی بانکی و دارایی سەرمایەداریی و گلۆبالیزەبوونی کێشەکان و خڕبوونەوەی دەسەلاتی ئابووری و بانکیی و دراویی لە دەستی چەند دەولەتێکی کەم  و چینی ئەرستۆکراتی بلیۆنەریی جیهانییدا، وای کردووە گەر هەلبژاردن هەر چەند دیمۆکراتی بێت و حکومەتەکان هەرچەند بە ئاسانی بگۆڕدرێن، وەک لە یۆنان چەند جار بینیمان، هەر حکومەتێکی تازە نەتوانێ لە ئاستی نەتەوەیی خۆیدا دەرەقەتی کێشە دارایی و ئابوورییەکان بێت و

له بازنەیەکی بۆشدا خول بخوات چونکه ولاتەکەی بۆته دیل و پێوەندی سسیتمی سەرمایەداریی نوێی جیهانیی.

کوردستانیش دوور یان نزیک لەمه بە دەر نییه. وەزعی دارایی کوردستان ناسکترێشه چونکه دەولەت نییەو پشت بە هاتنی بودجەکەی لە عێراقەوە دەبەستێت، فرۆشتنی سەربەخۆی نەوتێش بۆ ولاتێک کە سەروەری نەبێت و دەستوورو سیستمی نەبێت و گەلەکەی خۆی وەک کۆیله سەیر بکات، کارێکی پڕ له مەترسی و موغامەرەیه.

## له پێناوی بیرکردنەوەیەکی نەتەوەیی گشتگر

کەوایه ئێمه پێویستیمان بە بیرکردنەوەیەکی وردتر هەیه: ئایا ئێمه پێویستیمان بە دەنگدان تەنیا له پێناوی دەنگدان و دوو حەفته کەمەپینی گالتەکردن و درۆو ساختەییکردن لەگەڵ گەلی خۆمان هەیه، یان پێویستیمان بە بیرکردنەوەیەکی نەتەوەیی عەقلانی راستگۆیانەو ویژدانییانه هەیە کە بیر له یەکێتی نەتەوەیی و چارەنوسی هەموو خەلکی کەرکوکی بریندارو خەلکی ئامەدو قامیشلی و بانەو سنەو کوردستانی گەورەو پرس و پرۆسەی بە ئاشتی ژیان و بوون بە ئاشتیخوازترین و دیموکراتیترین و مرۆڤپەروەرترین نەتەوەی ئەمرۆی رۆژهەلاتی ناوەراست و دنیا هەیه؟

ئەمە ئەو روانگەیە کە سەرکردەو سیاسی و رووناکبیرەکانمان پێویستە هەیان بێت و لە دەوری کۆببنەوە پێکەوە کاری بۆ بکەین. روانگەیەک کە خەون نییەو کاتی گەیشتووە مێژوو رۆژانه له بەردەممان وەستاوەو چاوەڕوانی هیممەتی نەتەوەیی یەکگرتوومانه.

بارزانی راست دەکات کە دەلێت: پرسی چارەنووسسازتر و گرنگتر له پرسی سەرۆکایەتی هەرێم لە بەردەممانه دایه. پرسی یەکێتی نەتەوەیی و دەستووری دیموکراتی و چاکسازیی و گەرانەوە بۆ گەل

و دروستکردنی سیستمی دیمۆکراتی راستەقینە ی لەو پرسە گرنگترانەن کە لە دەستی خۆماندایە بیکەین یان راستتر لە دەستی بارزانیدا یە بیکات. گەر ئەو نەتوانێت لە هەولێری پێتەختی خۆیدا دادو یەکسانیی و ئازادیی بۆ خەلکی خۆی دابین بکات، پرۆسەی گەندەلیی و داوەشانی نەتەوەیی بوەستێنێت و لە ئاستی هەرێمدا دیالۆگ و یەکێتییەکی نەتەوەیی دروست بکات، چۆن دەتوانێ بۆ پرسی چارەنووسسازی گەورەتر، جێگەی باوەر بێت و دەوری مێژوویی پێویست ببینێت؟

## بەشی داهاتوو : بنەما جەهەرییەکانی سیستمی دیمۆکراسی